# دیل بوون لە گیا



**کەریم دەشتی**

1

ئای کە سەرسامم تۆ بوویت بە گیا
وشەی خواو گیا
چەند لەیەك دەچن

2

گیا لە سەر دڵم شین بووە
گیا لە ناو لەپم شین بووە

گیا لە سینەم شین بووە
گیا لە ڕۆحم شین بووە

3
کە دەچمەوە مێرگەکان
دەزانم تۆ لە هەموو شوێنێکی
هەموو زەویت داگیر کردووە
منت ڕەهای دەرەوەی کەون کردووە


4
قەدەرێکی سەختە
منی گیرۆدەی جوانیی تۆ کردووە
تۆش هەمیشە بەرەو ڕێیە دوورەکانم دەبەی

5
ئاگری ئیشقی تۆ ئاخ ئاگری ئیشقی تۆ
سەوسەنی ڕۆحی سووتاندووم
بۆیە ڕۆژبەڕۆژ دەمبینی دەتوێمەوە
دڵۆپ دڵۆپ دەتکێمە ناو ڕەگەکانت

6
من لە تۆ دەتوێمەوە تۆش لە گیا
لێت دەپاڕێمەوە ئەی پەلکە گیا
ئەی شیری خوا

7
هێندە من ناوت دەهێنم
گیا لە زمانم ڕسکاوە
هێندە سەیرت دەکەم
گیا لە چاوم شین بووە

8
تۆ گیایێکی ئەزەلی قسەت لەگەڵ خوا کردووە
با تێکەڵی ڕۆحت بووە نزیك کەومەوە وندەبم
ئاو سیماتی نەخشاندووە ماچت بکەم دەخنکێم
ئاگر تانۆکی جوانیتە نزیك کەومەوە دەسووتێم



9
گیاکان گۆرانیت بۆ دەڵێن تۆ لە زمانی گیا دەگەی
بایەکان پرچت شانە دەکەن تۆ لە نهێنیی با دەگەی
هیچ شتێ بۆ من نەماوەتەوە
من خەمگین ترین ئاشقم

10
خەمگینیی من لەوەدایە تۆ مەحاڵی
مەحاڵی تۆ لەوەدایە بوویت بە گیا
چۆن بتوانم بتهێنمەوە سروشتی جارانت
ئەی پەلکە گیا

11
گەر بمەوێ لە باوەشت بگرم
دەبێ هەرچی گیا هەیە چەپکەنەی کەم
بۆیە هەمیشە بیر لە پاییز دەکەمەوە
ئاخ پاییز بۆ نایەیت؟

12
جوانیی تۆ وەك شیری گیا
وەك وردە مۆنادی ئاقیق
بەسەر زەمیندا رژاوە
هەرگیز بۆم کۆناکرێتەوە

13
تۆ قەدەری لە لکی گیا لە گەردنی من ئاڵاوی
تۆ کەمەندێکی گیایی لە ئەسپی رۆحم گیر بووی

14
کە تۆ گیا بیت
تازە پاییز نابینمەوە
بۆیە تا ئەبەد من لە ئازاردام

15
من کە گیام خۆشبوێ
دەبێ تا هەتا بەدوای تۆوە بم

تۆش بەتەنها هەر لەیەك ڕێگا نیت
پێویستم بە نەمری هەیە
تا هەموو ڕێگاکان تەی بکەم

16

سپێدان تك تك لەسەر پەلکی گیا
تۆ دەخۆمەوە بۆیە ناو سینەم
بۆتە چیمەنی ناو کەلێنی چیا

17

درەنگە شەوان گوێم لە بانگێکە
دەزانم بانگ و هاواری تۆیە
کاتێ بە پەلە بۆلات رادەکەم
جگە لە شنەو کەروێشکەی گیا چیتر نابینم
ئەی خشبەی گەلاَ

18

چونکە تۆ گیای
نیشتمانی من هەمووی گیایە
کەسێ هەیە گیا داگیر کات

19

لەو ڕۆژەوەی تۆ بوویت بە گیا
کە لە بالاَی خۆم ورد دەبمەوە
دلَنیام لەوەی کەوا ڕۆژ بەڕۆژ
من کورت دەبمەوە
دەبم بە گیا

20

ئەو ڕۆژەی کە تۆم
لە ناو پاوانی گیادا بینی
بەپەلە رامکرد تا بتبینمەوە
بەلاَم ئاخ لەگەلَ گیا تێکەلَ بووی
بۆیە دووبارە ونم کردیەوە

21

تۆ ئەو گیایەی
لە هەموو شوێنێ شین دەبیتەوە
بۆیە شوێنەکان بۆ من وەك یەکن
لە باشوور بژیم یا خود لە باکوور
لە رۆژهەڵات بم یا لە خۆراوا

22

تۆ خەمگین ترین ئاڵەکۆکە گیای ناو دڵی منی
دەترسم رۆژێ بەفری هەناسەم
نەهێڵێ چیتر سەر دەربهێنی
بۆیە من خەمگینترین ئاشقم

23

ئای کە سەرسامم کە بوویت بە گیا
وشەی خواو گیا
چەند لەیەك دەچن

24

زۆر کەرەتان
لە ناودەشتایی دۆڵ و زەنوێران
کە با هەڵدەکا چاوم دەگێرم
بەڵام هەر هەموو پەلکە گیاکان
لەناو کەروێشکەی ئەزەلی دایە
چۆن بتناسمەوە؟